# زەکات دوو بەشە:

## فەرز:

ئەویش دوو جۆرە :

## سوننەت : بریتییە لە هەموو ئەو سەروەت و سامانەی کەسێك تەنها لە پێناوی خوادا دەیبەخشێت.

### زەکاتی سەروەت و سامان:

پێناسەکەی لە شەرعدا : (پەرستنی خوای گەورە بە دەرکردنی بەشێکی واجیب کە شەرع دیاری کردووە لەسەروەتی سامانێکی دیاری کراو بۆ کۆمەڵێك یان لایەنێکی تایبەت ) ئەویش سێیەم پایەیە لە پایەکانی ئیسلام ,

ئەمەش دابەش دەبێتە چوار بەشەوە

### زەکاتی جەستە:

کە سەرفترەیە , ئەمەش واجیبە لەسەر هەموو موسڵمانێك : گەورە بێت یان بچووك , نێر بێت یان مێ , کۆیلە بێت یان ئازاد .

1 دوو نەختینەکە



ئاڵتون و زیو و ئەوەی جێگایان دەگرێتەوە لە پارە و جگە لە ئەو , جا نیسابی ئاڵتون (20) مسقاڵە (85 غرام) وە نیسابی زیو (200) دیرهەمە (595 غرامە)

2 مەرو ماڵات(بهيمة الانعام)ئاژەڵ و وڵاخ



ئەوەی کە ساڵەکە یان زۆربەی ساڵەکە لە لەوەڕی دەشت دەخوات , وەمەبەست لە (بهيمة الانعام) وشتر و مانگا و مەڕە .

3 ئەوەی لە زەوییەوە دەردەچێت



ئەویش دانەوێڵە و بەروبوومە .

4 شتومەکی بازرگانی



هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بۆ کڕین و فرۆشتن دانراوە.

## ئەوانەی زەکاتیان پێ دەدرێت :

1 هەژاران (الفقراء) : ئەمانەش ئەو کەسانەن کە پێویستیان هەیەو هیچ شتێکیان نییە , یان هەندێکیان لە پێویستییەکان هەیە

2 نەداران (المساكين) : ئەمانەش زۆربەی پێداویستییەکانیان هەیە یان نیوەی , ئەگەر بۆ نمونە پێویستی ساڵێکمان بە (12000) دانا ئەوا کەسی هەژار کەمتر لە شەش هەزاری هەیە یان هیچی نییە , وە کەسی نەدار شەش هەزار یان زیاتری هەیە بەڵام ناگاتە (12000) چونکە ئێمە بەشی هەژار و نەدار دەدەین بەشی ساڵەکەی بکات چونکە زەکات لە یەك ساڵی تەواودا واجیبە .

3 ئەوانەی کار دەکەن لەسەر کۆکردنەوەی زەکات (فەرمانبەرەکانی زەکات) : ئەوانەش باج سێن و پارێزەرانی زەکات و ئەوانەی دابەشکردنی زەکاتیان لە ئەستۆ گرتووە , کە دەسەڵاتدار ئەوانی دامەزراندووە , وە مەرج نییە ئەو کەسانە هەژار بن , بەڵکو بەشیان دەدرێت هەرچەندە دەوڵەمەندیش بن .

4 ئەوانەی ئۆمێد هەیە لەئاییندەدا دڵیان بە ئیسلامەوە هۆگربێ : ئەو کەسانەی کە ئومێدی ئیسلام بوونیان لێ دەکرێت یان خراپەیان نەهێڵێ یان بە هێزی بوونی ئیمانەکەیان .

5 بۆ ئازاد کردنی بەندەو یەخسیرەکان : ئەوانیش : أ/ موکاتیبی موسڵمان . ب/ رزگارکردنی کۆیلەیەکی موسڵمان . جـ / موسڵمانێکی بەندکراو .

6 قەرزاران : أ/ قەرزارێك لەبەر چاکسازی نێوان یەکتر . ب/ بۆ خۆی قەرزار بووە .

7 لە پێناوی خوادا : جەنگاوەرەکان دەگرێتەوە و ئەوەی پێویستیان پێیەتی لە چەك و جگە لە چەك .

8 رێبوار : ئەو موسافیرەیە کە پارەی لێ براوەتەوە , ئەوەندەی پێ دەدرێت کە بیگەیەنێتە وڵاتەکەی خۆی .